ئەم شیعرە پێشکەشە بە دوا سەمای هەموو سەرە بڕاوەکان بەقوربانیانی شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی زۆرداران بەپێ پەتیەکانی دارفۆر بە بەچاو گەشەکانی بیسلان کەبوونە قوربانی فەرمانەکانی خودا

# لە ئێوارە لێڵەکانی ئەم شارەدا

*کۆژان*
***07-9-2004***
*ئارنهێم-هۆلندا*
***B_shiruan@hotmail.com***

شار لە ڕۆتینی خۆیدا ئەژی و
من و ڕووبارە حەزیەنەکەی ئەم شارەش
بۆ بالاَی عەشقێکی پەمەیی.
گەردانەی خەم هەناسەمی سوارکردووە
من و گەلاَ زەردەکانی پاییزەی ئەم شارەش
بەشایەتی دلۆپە بارانی مەمک تەزیو
بڕیارماندا
چیتر گوێبیستی هەواڵەکان نەبین
ئاخر ئێوارەکان زۆرلێڵن
جگە لە تارمایی لاشەیەکی سەربڕاو
گوێمان لە شکانی پەنجە ووردیلەکانی
بیسلانە
چاومان لە سەمای دوانزە ئیمامی
نیپاڵیە
لەسەر پەڕاوە پیرۆزەکان
ڕوومەتی خودا ئەڕنن
ڕۆژانە هەواڵنێرەکانی بەنی قورەیش
دەرزی ئاژنی ڕۆحمان ئەکەن

ئێوارەی ئەم شارە!!!
توبی و باران
توبی و سوتان
لێڵبەرەو لێڵبەرەوە لێڵبەرەوە
تاچیتر
چرکەساتی سەرەبڕاەوکان نەبینین
شمشێری حەجاج بەدەستی )بۆش(ەوە نەبینین
پەلکی عەشقمان سپی کرد
چمانە دەگەینە دەربەندی عاشقان